# نەبزی ژیان لە «ئاوێنەیەک نیگا»دا

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**




شیعری ئەمڕۆ بووەتە زمانی باوی سەردەم، ئاوێنەی باڵانوێنی حەز و خەم و هیوا و ئاواتەکانی مرۆڤە، بەڵام ئێمە قسە لە شیعر دەکەین، نەک ئەو هەڵبەست و ورێنانەی بەزۆری ناوی شیعریان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە و نووسەری ئەو دەقانەش بێ ئەوەی خۆشیان بزانن چییان نووسیوە و دەڵێن چی، خۆ بە شیعردا هەڵدەواسن و خۆشی پێوە ڕادەنێن.

بەر لە هەموو شتێک شیعر دەبێ جەوهەری شیعری و هەوێنی هەستی تێدا بێ و لە زەینێکی ئاگادار و وشیارەوە کەلاوڕێژی کردبێ و ئەگەر ئاوێتەی هەستی شاعیرانەی بنووسەکەش بێ، ئەوە شیعرە و بە دڵەوە دەنیشێ، خوێنەر و بەردەنگەکەشی دەتوانێ سیما و حەز و ئاوات و خولیاکانی خۆی تێدا بەدی بکا و پەیام و وێنەی شیعری شاز و نەسواو لە ناخی شیعرەکەدا تووشی ڕاچڵەکین و سەرسوڕمان بێ، یان موچرکی چێژی شیعری سەرتاپای دابگرێ.

شیعری ئەمڕۆ گریان و کرووزانەوە و فرمێسک هەڵوەراندنی زەلیلانە نییە. ئاوێنەیەکە ژیان بە هەموو ئازار و خەم و شادییەکانییەوە لە تەوێڵیدا دیارە. شیعری ئەمڕۆ بە نەسیحەت و ئامۆژگاری خۆی لەبەر چاوی خەڵک دێز و قێزەون ناکا.

شیعری ئەمڕۆ خاوەنی هەڵوێستێکی ئازادانە و ڕووڕاست و ڕاست وێژانەیە. قامک لەسەر ئازار و زام و کێشە دەرەکی و ناوەکییەکانی مرۆڤ دادەنێ، بەڵام دەرمانیان بۆ دەستنیشان ناکا و مەودا بە خوێنەر دەدا خۆی بیدۆزێتەوە. پارووی ماناش بە دەمی بەردەنگەکەیەوە ناکا. بوار و گۆڕەپانێکی ئازادی بۆ خوێنەر هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی لە دەقەکەدا بەشدار بێ و چۆنی پێ خۆشە وای لێکداتەوە و چێژی لێ وەرگرێ.

**سکاڵای گوللەیەک بۆن کە**
**لوولەی تۆپێک**
**سەرنێزەیەک**
**ئەی خودایە گیان!**
**بۆ نەبوونە هەسێرەیەک**
**دارێ، بەردێ**
**یان چوارچێوەی پەنجێرەیەک؟**

لە دەلاقەی ئەم شیعرەوە سەردەکەین بە سروشتی گەرم و دڵگری «ئاوێنەیەک نیگا» و لەگەڵ ڕەوتی شەپۆلاوی شیعری ئەمڕۆ وەڕێ دەکەوین و هەوراز و نشێوی خەمەکانی دڵی شاعیر بە خەمەکانی دڵی خۆمان دەگرین و

لەژێر ساباتی بەرین و سایەی نیانی شیعردا ئۆقرە دەگرین و بە پەلکی ڕەشە ڕێحانەی وشە دڵمان باوەشێن دەکەین و تاوێک ئاوێتەی ڕۆحی شیعر دەبین.

بە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە شیعرە بۆمان دەردەکەوێ کە (کەریم حیکمەتی) توانیویەتی تێکەڵی کاروانی شیعری ئازادی ئەمڕۆ بێ و کەند و لەندەکانی ببڕێ و سەیوانێکی شیعری دڵگیر و سایەخۆش دروست بکا و خوێنەری شەیدای شیعر بۆ ژێر ئەو ساباتە فێنکە بانگهێشت بکا.

هەروەک لەو شیعرەی سەرەتادا بۆمان دەرکەوت، ئازارێکی گەورە لە ناخەوە دڵی شاعیری خستووەتە تەنگژەوە و هەڵیدەچۆقێنێ. شەڕ و خوێن و ئازار و مەرگ کە یەکێک لە ژانە گەورە و لە بڕان نەهاتووەکانی مرۆڤی سەردەمە و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەک و خوێن وەک دۆڵپا و مۆتەکە سواری شان و سنگی ژیان بووە و دانابەزێ، لە هەستی حیکمەتیدا ڕەنگی داوەتەوە و بە دەنگێکی تازە و هاوارێکی زیندووەوە بەرەنگاری ئەو پەتا مرۆڤ فەوتێن و ماڵوێرانکەرەوە دەبێتەوە و هەڵوێستی لە هەمبەردا دەگرێ و نەیتوانیوە چاوپۆشی لێ بکا:

**گوڵەکان دەگرین**
**ئەو دەمەی**
**مەڵەغانێ دەلەوەڕێ**
**هەستەکان دەدڕێن**
**ئەو کاتەی**
**تۆپەکان دەقریشکێنن.**

یان:
**شانامەم،**
**لە نەهاتی و مەرگی هیوا**
**ڕووبارم،**
**لە گەوهەر و**
**شاخم لە داخ**

یان:
**سکاڵای گوللەیەک بۆن کە**
**لوولەی تۆپێک**
**سەرنێزەیەک**

یان:
**هەڵچنینی ئارەقە و خوێن و خەفەت**
**ژیان، نان**
**گۆڕستان**
**وڵاتێکی میهرەبان**

یان:
**سەوزترین چرکەکان**
**شیعری ژیانم دەنێژن**
**دەمار و خوێن**
**دیەی نانن.**

* * *

**بزە وەری و زامم سەوز**
**بێ ڕەنگترین تاسەکانم**
**کوێوە دەچن؟**
**ئەم ڕووبارە جانتای سێو و ماسی نییە و**
**هەنارێکیش سپی سپی**
**هەڵدەوەرێ**
**لەگەڵ چەپڵەی تیربارێکدا هەڵپەڕین و**
**لەگەڵ هاژەی بزەیەکدا**
**هاوڕێ نەبوون،**
**هەتا کۆتر**
**زەریایەکی هەمووتانم**

یان:
**دایکم دەیکوت**
**من ڕادیۆیەکم خۆش دەوێ**
**لێو بە بزە**

یان:
**دڵنیا نین**
**دڵەڕاوکە و ئازارەکان،**
**ئەنفالەکان، هەڵەبجەکان**
**شیعرییەتیان داچۆڕاوە.**

یان:
**حافزا**
**منیش لە چاخی تەیموورا**
**شیعر دەڵێم**
**چاخی ئەنفال**
**هێرۆشیما....**
**لە هەڵەبجە منارەی سەدەی بیستەمی لێ چێ کرا.**

یان:
**سەرەوەتر بازێکم دی**
**لاوکێکی خەمینی دەهۆند**
**کە چوومە لای/ لەسەر باڵی/ بزەکانت**
**چەپک چەپک/ سەڵاڵی سروود و خوێن بوون.**

یان:
**شار لە ئامێزی دووکەڵا ڕاکشاوە**
**شەقامەکان شەکەت شەکەت**
**هەڵکوڕماون.**
**گوێچکەی کۆڵان**
**پڕە لە گۆرانی گوللە و هاواری منداڵی ساوا**
**ئەوشەو چرایەک نایبیسێ.**

یان:
**بە بارتەقای هەڵەبجەدا شۆڕ دەبمەوە**
**نەورۆزی ڕەش،**
**چیای گوڵ و**
**توانەوە دەهۆنمەوە.**

یان:
**سەرهەڵێنە**
**دووکەڵ، بەرد،**
**ئاسن، گوللە**
**سەهۆڵستان هەڵم دەچێنێ.**

سروشتیش لە شیعری (کەریم حیکمەتی)دا سروشتێکی زیندووە، زیندەوەرێکی ئاشقە و مرۆڤانە هەناسە دەکێشێ و ئەویندارانە چاو لە ژیان دادەگرێ. شیعری حیکمەتی هەتا سەر یەسقان بە جەستەی سروشتدا چووەتە خوارێ و نەبزی ژیان لەگەڵ لەرەی گەڵا و شنەی با و هاژەی ڕووبار و لەنجەی شەپۆلدا لێ دەدا. کاتێک سروشت شاد و دڵگیر و گەشایەوە، شیعرەکانی نێو باوەشی «ئاوێنەیەک نیگا»ش گەش و پاراو دەشنێتەوە. لەگەڵ هەڵوەرینی پەلک و گەڵا و هەڵقرچانی چیمەن و قژی دارستان و گرگرتنی بەژنی جارە گوڵ و قەپاڵی بێ بەزەییانەی مەڵەغان (هێمای مەرگ) شیعرەکانیش ڕەنگ دەگۆڕن و ڕەنگیان زەرد هەڵدەگەڕێ و بە خەمەوە جینگڵ دەدەن و ڕادەچڵەکن. هەر ئەو ڕاچڵەکینە کتوپڕەش دەگوێزرێتەوە بۆ ناخی خوێنەر و بەردەنگی دەقەکە و وەک تەزووی کارەبا دایدەتروسکێنێ. ئەو ژیانەی لە شیعری حیکمەتیدایە شەپۆل دەدا، ژیانێکی ئەویندارى مرۆڤە. لەوێدا ژیانەکە ئاشقی مرۆڤ دەبێ، نەک وەکو یاسای باو مرۆڤ ئاشقی ژیان بێ. لە ئاوێنەی دڵی ئەو شیعرانەدا دار و بەرد و خاک و گڵمتک هەناسە دەکێشن و ڕۆح لەبەرێکن ئاشقی مرۆڤن و ژیانی بە چاودا دەدەنەوە و لەسەر یەک سروشت بە خاک و بەرد و گیاو ئاو و ئاوریەوە بووەتە قوتابخانەی ژیان و ئەوین بۆ مرۆڤ:

**بێزار لە هەنگاوی هاوین گوڵەکان دەگرین**
**دڵنیام شەوێک مانگ دێت و**
**بسکی بەسەر چاوما دێنێ و**
**ژوورەکەم پڕ دەکا لە خۆی**
* * *
**ئەم گوڵاوە باڵا ناکات**
**ئاوێنە**
**گەرای تۆزی هەڵێناوە**
* * *
**ڕووبارێک من دەوەرێت و دەبێتە تۆ**
**لەنجەیەک تۆ دەوەرێت و**
**گەڵا گەڵا دەیخۆمەوە.**
* * *
**لە بستێ خاکا دەمنووسێتەوە ژین**
**مەرگ ئاسمانێکی غەوارەیە.**
* * *
**مەڵەغانی گوڵێکی کرد**
**گوڵە کوتی: خاکت بەسەر**
**دەمەو بەهارێکی دیکە**
**ڕیشەم دیسان دێتەوە دەر.**
* * *
**شاخێ وتی: بەردێ نەبوو**
**سنگی بەردێکم هەڵدڕێ**
**گوڵێ، گوڵێکی ترم پەرپەڕ کا**
**ڕێچکەیەکم، ئەوی تریان هەڵ بلووشێ و**
**کانیاوێکم، بزەی لەوانی تر نەچێ.**
* * *
**ڕیشەی گوڵێکیان هەڵکۆڵی**
**ئەمسا بۆ ڕیشەی بۆنەکەی**
**دڵی بازێک.**

شیعری «ڕەوەیەک ژیان» و «بۆنی چرایەک دەبینم» دەبێ خوێنەر خۆی بیخوێنێتەوە و هەست بە شەپۆلانی ژیان و نەبزی زەمان بکا لە ناخیاندا. لەو شیعرانەدا زەمان دەزێتە زمانەوە و زمان لە ژیاندا هەناسە دەکێشێ و ژیان لە ئەوین و خەمی بووندا.

**تاو بەدەم هەڵاتنەوە**
**شەپۆلەکانی لستەوە**
**مزگێنی دا پەڵە هەورێ**
**بۆنی گوڵێک بەڕێوەیە...**
**تا کەی بۆ ماچێکی سێوی خۆرین**
**بتلێمەوە و گوڵاڵە سوورە برسکێم؟**
* * *
**ژیان لە خونچەوە دەپشکوێ و**
**لە خەزاندا دەکوژێتەوە**
* * *
**ئاواتم پۆلە هەورێکە**
**هەر نەبێ**
**دڵۆپە ئاوێک بنووسێ.**
* * *
**لە هێلکەی با و بزەی لۆدێر**
**جۆبارێکی تازەترم هەڵدەبەستێ**
**هەور بە دورمدا چوار دەچرن**
**ببوورن**
**دەلاقەیەکتان نەدیوە لە ڕەنگی ڕوانینی ئێمە؟!**

کاتێک بە زمانێکی شیعراوی و ئیجازێکی بە تەواو ماناوە لە شیعری «ڕەوەیەک بۆ»دا بەرەنگاری ئازاری مرۆڤ و بەتایبەت ژن و کچی دەسکەنەچی و بژارچی دەبێتەوە، ژانی جەمام بوونی مەچەک و کزانەوەی بلۆقی دڕاوی لەپی دەست و تینی سووتێنەری خۆری بە قرچە قرچ و کۆڵەکۆڵی هاوین و ئارەقەی شەکەتی و هێز لێ بران لە شیعرەکەدا باوەش بە ڕۆحی خوێنەردا دەکا، ئەوەی لەو کارە تاقەت

پڕووکێن و پڕ ستەمەشدا ئارەقەی نەڕشتبێ و ئازاری نەچێشتبێ، بەگۆشت و خوێن هەستی پێ دەکا کە سامان چ تاوانێک بە دژی ژیانی ژنی کورد دەکا:

**سوورە تاو**
**سامان**
**شاخێک سەرسوڕمان**
**جەمام**
**بلۆق**
**خولیا**
**؟؟!!**
**مژێ لە بای حەسانەوە**
**ئارەق**
**سوورەتاوێکی کەڵەگەت**
**بژارچن**
**تاوان...**

لەم چەن وشە بە ڕواڵەت ساکارەدا دنیایەک زوڵم و ئاوات و خولیا و ئازار و شەکەتی و کەیف و نەهەنگی خاوەن کار دەبینرێ. وشەی «ئارەق» لە نێوان «مژێ لە بای حەسانەوە» و «سوورە تاوێکی کەڵەگەتدا» دەبێتە ئیلهامێکی زیندوو لە نێوان بژارچی و خاوەن کاردا. ئەو ئارەقە لەوێدا، لە لایەکەوە ئارەقەی ماندوویەتی نێوچاوانی کرێکاری شەکەت و ماندووە و لە لایەکیشەوە پەرداخە ئارەقی مەستی و سەرخۆشی سامانە بۆ خاوەن کاری ماڵ پەرست.

یان کاتێک لە شیعری «خەمی نان»دا هەست بە نەبزی ژیان دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ شاعیر چەندە ڕۆحێکی سەوز و دڵێکی ژیان پەرستی هەیە و لە هەمان کاتیشدا هەر ئەو ژیانەی ڕۆحی خۆی پێوە گرێ داوە، چۆن دەبێتە تەزووی لەش تەزێن و لەسەر سکڵە سەهۆڵی پڕ تەزووی یەسقان تەزێن، بیر لە ڕۆحێکی دیکەی ئەم سەوزییە دەکاتەوە، ژیانی خۆی بۆ ژیانێکی دیکە و بۆ خەمی بوونەوەرێکی دیکە هەڵدەتەزێنێ، ژیانێک کە ژیانی ئاژەڵێکی وردیلەی نەجیم و بەوەفایە، تووتکێکی بێ هێلانەی برسی کە دەتوانێ ئیستیعارەیەکی پڕ بە پێستی منداڵی برسی و بێ پەنا و داڵدە و بەوەفا و ئاشقە ژیانی ئەم گەلە لێ قەوماوە بێ. لەگەڵ ئازاری ئەو ئاژەڵە بەستەزمانەدا شاعیر ڕۆحی جینگڵ دەدا و هاوار دەکا.

هەر وەک لە پێشدا گوتمان شیعری حیکمەتی ژیانە و جاری وایە ژیان لە شیعری ئەوەوە نەبز دەگرێ و هەناسە دەکێشێ و زیندووە:

**شەو بوو**
**خەڵک**
**لە ژێر شۆقی چرای نیئۆن**
**یا لانی کەم**
**لێفە شڕێکا نووستبوون**
**تووتکێکیش**
**لەژێر حەریری کرێوە و لەسەر دۆشەکی سەهۆڵین**
**بیری لە نان دەکردەوە**
**لە ڕەنگی مان...**

لەگەڵ ئەو هەموو جوانی و ژیان و ئەشق و هەستەدا کە سەرتاپای شیعرەکانی حیکمەتی کردووەتە ڕووبارێکی زیندووی ڕانەوەستاو، بەداخەوە لە چەند شوێندا ڕەنگدانەوەیەکی پڕ بەپڕی ڕێزمانی فارسی پێوە دیارە و کەوتووەتە ژێر کارتێکەری زمانی فارسی و نەیتوانیوە، یان نەیویستووە خۆی لێ دەرباز کا. بۆ وێنە ئێمە لە زمانی کوردیدا لە سەرەتای ڕستەدا «واو»ی عەتفمان نییە و ئەگەر بشێ، یان دەکەوێتە دوای ڕستەوە، یان لە نێوان دوو وشەدا جێ دەگرێ. یان بە پاشگری وشەوە دەبێتە «ش» بۆ وێنە «وە ئەو» دەبێتە «ئەویش» و «وە ئێمە» دەبێتە «ئێمەش». لە لاپەڕەی حەوتدا شیعری سووتان «وەچاو جۆبار» کە دەبوو بڵێ: «چاویش جۆبار». لاپەڕەی نۆ «وە بۆنی ڕووباری پرچت» دەیتوانی بڵێ: «بۆنی ڕووباری پرچیشت» لاپەڕەی سی وپێنج «وە من بێ ئۆقرانە دەتلێمەوە» دەبوو بڵێ: «منیش بێ ئۆقرانە دەتلێمەوە.» لاپەڕەی سی و حەوت «وە جووتێ گۆنەی کاڵی کاڵ» دەبوو بڵێ: «جووتێکیش گۆنەی کاڵی کاڵ» یان «جووتێ گۆنەی کاڵی کاڵیش».

ئەم پەتای «واوە»ە لە شیعری زۆربەی شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە و ڕەنگی داوەتەوە. لە شیعری (سوارەی ئیلخانیزادە و قاسم موئەیدزادە و جەلال مەلەکشا و مارف ئاغایی و ناسر حیسامی) و زۆربەی تریشدا بەرچاوە و هەڵەیەکی تەواو زەق و قۆقزە و ئەگەر دڵمان بۆ زمانەکەمان دەسووتێ و بەو نووسینە دەمانەوێ خزمەت بە زمانەکەمان بکەین، وا چاکە فێری بین و بڕوا بەوە بکەین کە زمانی کوردی زمانێکی زیندووە و خاوەنی ڕێزمانی تایبەت بە خۆیەتی و نابێ تووشی پەتاو ئاپۆری زمانی دیکەی بکەین. بۆیە واچاکە پارێزەری بین نەک ڕووخێنەری. با ئیتر هەڵەی پێشینان دووپات نەکەینەوە و خۆ لە قەرەی ئەو کەڵەی زمانە نەدەین کە لە ڕیشەوە زمانەکەمان دەفەوتێنێ.

لێرەدا چەن نموونە لەو شاعیرانە دێنمەوە کە تووشی ئەو پەتای «واو»ە بوون:

سوارە ئیلخانیزادە: وە تیشکی بێ

گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند، وە ماڵی بێ زگ و زا، وە پڕ بە پێستی لەشم، وە عەتری زاری کچی پێوە، وە با بەسۆزە، وە ئیمانم، وە ژنانی شێن گێڕ، وە داری عوود، وە بیرەوەریم،

مارف ئاغایی: وە من ماندوو، وە تۆ سەرخۆش، وە مرۆڤێک، وە لوورەی با، وە من تەق.. تەق،. وە من قاسپە قاسپەی کەوم،

قاسم مۆئەیەد زادە: وەتۆ چ مۆجزەیەکی

محەمەد ئەحمەدی ساماڵ: وە مەرگیشە...

جەلال مەلەکشا: وە زرمەی لە یەکدانی تاوێر و... وە من ڕۆ دەچم، وە گوڵخەندەرانە مەبەستم،

بەو ئاواتەی نووسەران و شاعیران ئیتر خۆ لە قەرەی ئەو هەڵە ڕێزمانییە نەدەن، ئەوانەی زیندوون با خۆیان ئەو هەڵانە ڕاست کەنەوە و ئەوانەی مردووشن با بە ئەرکی خۆمانی بزانین و بژاری ئەو هەڵانەیان بکەین و ڕاستیان کەینەوە. هەر وەک ئێمە زۆرجار ڕەنگدانەوەی عەرەبی لە زمانی نووسەران و شاعیرانی باشووری کوردستاندا دەبینین و بەهەڵەی دەزانین، با ئەم هەڵانەی خۆشمان ببینین. با ئیتر ژێر چەپۆکەیی و بە کوردی نەخوێندن و بە فارسی و عەرەبی خوێندن نەکەینە بیانوو.

کەسێک نووسەر و شاعیر بێ دەبێ بەسەر زمانەکەیدا زاڵ بێت و هیچ دەلیل و بەڵگە و بیانوویەکیش قەبووڵ نییە. ئەگەر خۆمان بە نووسەرێکی دەروەست دەزانین و بڕوامان بەوە هەیە کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و وەک تاقمێک دەڵێن پەلێک لە زمانی فارسییەو ئێمە قەبووڵمان نییە و بە زمانێکی زیندوو و خاوەن ڕێزمانی تایبەت بەخۆی دەزانین، نابێ تەور لە ڕیشەکەشی دەین و ببینە جلە و کەڵەی بێستانی زمانەکەمان.

یەکێکی دیکە لە خاڵە بەرچاوەکانی شیعری حیکمەتی ئەشقە، ئەشقێکی زیندووی ئەمڕۆیی و ئاشق بوونێکی ئەمڕۆییانە و درکاندنێکی ئەمڕۆیی و ڕوانگەیەکی نوێ بۆ ئەوین:

**نەقاشییەکانی خودام خوێندەوە**
**چاوت**
**خەڵاتی نۆبێل هاتەوە**

* * *

**بە دڵێک**
**جووتێ ئەوین هەڵناگیرێ**
**وەکو بە دەستێ**

..................

**هەناوی من کوانووی سەوزی**
**عەشقی تۆیە.**

* * *

**دەڵێم بزە**
**چپکێ مۆرەم بۆ دەنێری**
**دەڵێم سڵاو**
**بێدەنگی دەمنووسێتەوە.**

* * *

**جریوەی چاو هەڵدەمژم**

* * *

**من لە کەژاوی شۆخێکا**
**شاخم ناسی،**
**لە بەلەمی ئەوینێکا بوومە شیعر**

* * *

**دڵم/ ئۆقیانووسێکی هەڵچوو**
**نیگام/ بەرەو لانەی چاوەکانت**
**تاسەی فڕین**
**هەڵدەمژێ**
**تۆ ڕووباری ئاواتمی و**
**من/ ژیلەمۆی بزەکانت**

«ئاوێنەیەک نیگا» لەگەڵ ئەوەی لە باری داڕشتن و مۆسیقای شیعرییەوە تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووانەیە و پڕیشە لە دەستەواژە و لێکچواندن و ئیستیعارەی تازە و نەسواو کە تایبەتی زەینی شاعیرانە و مرخی خۆیەتی. وەک: جریوەی چاو، شەپۆلی باڵا، ئاوێنەیەک نیگا، پەنجێرەیەک بزە، چەپکێ مۆڕە، بەستێنی چرکە، پردی تاسە، چەپڵەی تیربار، ڕەوەیەک پەنجێرە، کەورگی هەورێکی غەوارە، جیکەڵدانی هەور، بایەقووشی ڕەژی، مژستانێکی ڕەش، دابڕانێکی کەڵەگەت، ژیلەمۆی بزە و بزەی بەژنی درەخت و زۆر شتی تریش. هەروەها بزە لە شیعری حیکمەتیدا زۆر بەرچاو و کەم شیعری هەیە وشەی بزەی تێدا نەبێ. بزە وەک موتیفێکی شیعری حیکمەتی لێ هاتووە و بەسەر لێوی کتێبی ئاوێنەیەک نیگاوە، دەدرەوشێتەوە: پەنجێرەیەک بزە، لە حەوشەیەک بزەدا، شنەی بزە نەرمەکانت، بزەکانم دەشواتەوە، کەڕووی بزە، هاژەی بزە، کەشەفێ لە بزەکان، لەسەر باڵی بزەکانت، هەتا کەزی بزەکانت، بزەی لۆدێر، خەمی ئەو بزە وەریوە، لەسەریەک ٢٦ جاری وشەی بزەی دووبارە کردووەتەوە، بەڵام هەرکام بە مانا و جوانکاری و وێنەیەکی تایبەت و نوێوە لە ئاوێنەی شیعرەکەدا داڕێژراون.